# ئەو هەموو مردنەی وا لە تەنیشتمانەوە بوون

**خالد سلێمان**

نازانم چی رۆژێکی بەهاری 1988 بوو ، بەڵام ئەزانم سەرەتای نیسان بوو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیەوە پرۆڤەی رۆژانەم بە جێ هێشت و گەڕامەوە بۆ "بەشە ناوخۆییەکان " لە سەر کاریز لە پاڵ گردی سەیوان و گۆڕەکانیدا . ئەمزانی ژنێکی خزمان کە ناوی " ندیمە " بوو لە گەرمیان گەڕاوەتەوە و هەواڵی زۆری پێیە ، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە نەبووم ئەو هەواڵانە لە خەمێکی هەتا هەتاییدا نوقمم بکەن و نزیکترین مردن بکەنە هاوەڵ و هاوڕێ و هاودەم .

بە تێلیفۆن لێم پرسی کەی گەڕایتەوە لە گەرمیان و هەواڵی ئەوێ چییە ؟ بە بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە پێی وتم وەرە بۆ ماڵ و ناتوانین بە تێلیفۆن قسە بکەین . تێگەشیتم و تێلیفۆنەکەم داخستەوە و خۆمم گەیاندە ماڵیان . بۆ " ندیمە " ئەوەندە بەس بوو پێم بڵێ " جاش و جێش " گەشیتنە ئاوەسپی . ئەی خەڵکەکە ، پێشمەرگە ، بەرگری میللی ، ژن و منداڵ ، پیرو پەککەوتە ؟

ئەم پرسیارانەم نەکرد بەڵام دونیایان لێ هێنامە یەك و هەر ئەم رۆژە گەیاندمیانە گەرمیان و لە تەنیشت ماڵمانەوە کە لیوایەکی عەسکەری بوو بە سەرپەرشتی " بارق عبدالله " دیمەنی مردنێکی زەق رەچاو دەکرا و جادەی نێوان کفری –کەلار سەراسەر بوو لە عەسکەری پیاو کووژ و جاش و دەبابە و زیل و کەس نەیدەوێرا لە جادەکە نزیق بێتەوە . هەر ئەو شەوە دووای ئەوەی زانیمان کوڕی مامی باوکم گەیشتووەتە ئۆردووگای " سموود " و رزگاری بووە ، بە هەر حاڵێك بێت خۆمان گەیاندە ئەوێ ، بەڵام ئەویش هیچی نەدەزانی و چاوەڕوانی هەواڵی لە ئێمە دەکرد . ئەو دووای هەفتەیەك مانەوە لە چیا لە گەڵ خوشکەزایەکی بچووکیدا لە هەواڵی سەرما و باران و شیری کاڵ نەبێت هیچی تری نەدەزانی ، لاشی وا بوو لە دووای مەرگەساتەکەی " ملە سوورە " خەڵك هەموو گەشتوونەتە شار و ئەو دوواکەوتووە ، بەڵام کاتێك گەیشت کەسێك لەوانەی " ملەسورە" کە خوشك و براو هەموو کەس و کاری بوون لە چاوەڕوانیدا نەبوون و خۆی بە تەنها مایەوە .

بۆ ماوە ی هەفتەیەکی رەبەق لە گەڵ حەسەنی خوشکەزایدا فاتیح لە چیا مایەوە و تەنانەت ئاگریشیان پێ نەبوو ، بۆیە تەنها شیری کاڵیان ئەخواردەوە و تەنانەت تا ئێستاش حەسەن بە بۆن و رەنگی شیر بێتاقەت ئەبێت و لێی نزیك نابێتەوە .

ئەمە سەرەتای هەواڵەکان بوو ، کۆتاییەکانیش بریتیبوون لە یادەوەرییەکی داتاشراو ، دوونیاییەکی بێرەنگ ، کۆمەڵێ ئۆردووگای پڕ لە بێوەژن و هەتیو و مێژوویەکی پڕ لە لاشەی بێ گیان .لە سەرەتاکاندا هیوایەك هەبوو جارێکی تر " حەلاوە " ی قالیژەن و هونەرمەند و مامەکان و مناڵە وردەکانیان و حەلاوەی دایکی فاتیحی تاقانەی دووەم و کچەکانی و لالە ئەحمەدی باوکی زاوای شەوی یەکەمی ئەنفال ببینمەوە . هەر یەکێك لەم ناوانە چیرۆکێکیان هەیەو رۆژێك ئەبێت چۆنێتی داتاشینی ژیانیان بنووسرێتەوە و لێرەدا تەنها هەندێ شتی کەم باس دەکەم . هەندێ شت کە ناوەکان لە بیرچوونەوە لە لای خوێنەر بپارێزێت .

حەلاوەی قالیژەن ئەو ژنە هونەرمەندە بوو بە خەیاڵێکی رەنگاو رەنگ ماڵەکانمانی بە قالی و موکێتەکانی ئەڕازاندەوە ، مامەکانم مێژووی مناڵیم بوون ، حەلاوەی دووەم یان دایکی فاتیحی تاقانەی دووەم سیمبۆلی ئامادەبوون و بەئاگاهێنانەوەی گوندێکی بچووك بوو ، بەڵام باوکی زاوای شەوی یەکەمی ئەنفال نیشانەی تەنیایی و بێکەسی بوو ، تەنانەت لە مردنیشدا هەر بێکەس بوو .

ئیبراهیمی کوڕی لەو شەوەی خەڵك گوندەکەیان تیادا بە جێ هێڵا و بەرەو " ملەسورە " کەوتنە رێ زاوا بوو ، شەوی یەکەم و بەهاری یەکەم و ساڵی یەکەمی خۆشەیستی بوو لە ژیانیدا ، بەڵام بەهارێکی تر چاوەڕوانی نەکرد و هەرچی لالە ئەحمەدی باوکیش هەیە هەر لەو بەهاری نەهاتەدا بە گوللەی هێلیکۆپتەرەکانی بەعس شەهید کرا .

ئەم سەرەتایانە ، رێکلامێکی ئاشکرای قۆناغی چارەسەری " فیناڵ " بوون لە لایەن بەعسەوە ، تیایدا دوونیای مرۆڤی کورد بووە تاقانەی خوودی خۆی ، هەرچی کۆتاییەکانیشە بوونە تاقانەی مێژووی هەمان چارەسەری کۆتایی کە لە ئەرشیفی خوێن و بیابانەوە دەرچوون . لەو سەرەتاو کۆتایانەدا ژیان لە باری پڕ لە چەقۆو تەور و رق و کینەدا لە یەخەی دوونیایەك مرۆڤی ئێمە درا .

**بەڕێزان کاک ستران ، کاک کاروان**

**سڵاو...هیوادارم باش بیت**

**ئەم نووسینەتان بۆ دەنێرم کە دیاری کراوە بۆ یادی ئەنفال و حەز دەکەم پێتان بڵێم کە هەمان ئەم نوسینە ئەنێرم بۆ برادەرانی گەرمیان کە ئەیانەوێ بڵاوکراوەیەك بۆ یەکجار لە سەر ئەنفال دەردەکەن و ناویان لێ ناوە**

**" کۆست "**